ژمارە:
ڕێکەوت: / ٢٧١٨/کوردی

No:
Date / / 2019

حکومەتی هەرێمی کوردستان
دەرکــردە
وەزارەتی تەندروستی

((پێشمەرگە سومبولی نەتەوەیی و پارێزەری کوردستان))

## بۆ/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر، سلێمانی، دهۆک

## هەڵەبجەی شەهید ،گەرمیان، ڕاپەڕین، کۆیە

### بابەت/ ڕێنمایی هاوردەکردنی خواردنەوەی ووزە بەخش (مشروبات طاقه)

دوابەدوای نووسراومان ژمارە (٣١٩٤) لە (٢٠١٨/٤/١٦) وە ئاماژە بە کۆنووسی کۆبوونەوەی ڕۆژی دوو شەمە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٣/١٨) لە دیوانی وەزارەتمان سەبارەت نوێ کردنەوەی چەند ماددە و بڕگەیەک لە ڕێنمایی پێدانی مۆڵەتی بازرگانی کردن بە هاوردەکردنی خواردنەوەی ووزە بەخش (مشروبات طاقه).لە دەرەوەی وولات بۆ هەرێمی کوردستان و عیراق. کاری پێویست ئەنجام بدەن بە پەیڕەو کردنی دواین ڕێنمایی کە لە خوارەوە هاتووە. لەگەڵ ڕێزماندا.

**ماددەی یەکەم-** بازرگان/ کۆمپانیا دەبێت لە دیوانی وەزارەتی تەندروستی/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی زانیاری پێویست تۆمار بکات.

**ماددەی دووەم-** بازرگان/ کۆمپانیا دەبێت بەڵێنامە بدات سەبارەت بەو زانیاریانەی تۆماری کردووە، هەمووی تەواوە، وە پابەندی گشت ڕێنماییەکانی تەندروستی بێت بۆ هاوردەکردنی بەرهەمی خواردنەوەی ووزە بەخش (مشروبات طاقه).

**ماددەی سێیەم-** بازرگان/ کۆمپانیا دەبێت ناوی بەرهەمەکەی تۆمار بکات لە وەزارەتی بازرگانی وپیشەسازی هەرێمی کوردستان و عیراق.

**ماددەی چوارەم-** بازرگان دەبێت ناسنامەی ژووری بازرگانی هەبێت.

**ماددەی پێنجەم-** ڕێگە بە هیچ بازرگان/ کۆمپانیای خوارنەوەیەی ووزە بەخش(مشروبات طاقه). نادرێت ئەگەر تۆمار نەکرابێت.

**ماددەی شەشەم-**بازرگان/ کۆمپانیا دەبێت.......

١. خاوەن گرێبەستێک (عقد) بێت لەگەڵ کۆمپانیا/ کارگەی بەرهەمێن بە پێچەوانەوە ڕێگە پێدانی بۆ ناکرێت.

٢. ئەگەر (کۆمپانیا/بازرگان)ی هاوردەکار نەیتوانی لەگەڵ (کۆمپانیا/کارگە)ی وولاتی سەرچاوە گرێبەست (عقد) بکات ئەوا دەتوانێت لەگەڵ ئەو کۆمپانیایە گرێبەست بکات کە وەکالە یان گرێبەستی (عقد) لەگەڵ کۆمپانیا/کارگەی وولاتی سەرچاوە هەیە بە مەرجێک گرێبەستی (عقد) نێوانیان بهێنێت.

٣. بە مەبەستی دڵنیابوون لە گرێبەست (عقد) دەبێت پشگیریەک لە لایەن کۆمپانیای بەرهەمهێن بهێنێت کە تێیدا ئاماژە کرابێت کۆمپانیای هاوردەکار گرێبەستی کردووە بۆ ئەو بەرهەمەی هاوردەی دەکات، وە ئەگەر خاڵی (٢) پەیڕەو بکات ئەوا دەبێت هەردوو گرێبەستی(عقد) بهێنێت وە دەبێت بۆ یەک جار پشتراست بکرێتەوە لە لایەن....

- کۆمپانیای بەرهەم هێن.
- ئەو دامودەزگایەی بەرپرسیاریەتی وەزارەتی دادی بەدەستە لە وەڵاتی بەرهەم هێن.
- وەزارەتی دەرەوەی وولاتی بەرهەم هێن.

**ماددەی حەوتەم-** بازرگان/ کۆمپانیا دەبێت بەر لە هاوردەکردنی بەرهەمەکە لە سەر ئەرکی خۆی تیمێکی (٥) کەسی شارەزا لە بوارەکانی(چاودێری تەندروستی و خۆراک، تاقیگە(بایۆلۆجی و کیمیاوی)) سەردانی کارگەی بەرهەم هێن بکەن لە وولاتی سەرچاوە بۆ دڵنیابوون لە هەموو ئەو زانیاریانەی کە لە ڕێنماییاکانماندا ئاماژەی پێ کراوە لە هەموو بوارەکانی تایبەت بە بەرهەمی خواردنەوەی ووزە بەخش(مشروبات طاقه)..

ژمارە:                No:

ڕێکەوت:   /   ٢٧١٨/کوردی        Date   /   / 2019

## ((پێشمەرگە سومبولی نەتەوەیی و پارێزەری کوردستان))

**<u>ماددەی هەشتەم</u>-** بازرگان/ کۆمپانیا بەر لە هاوردەکردنی بەرهەمەکەی لە وڵاتی سەرچاوە پێویستە مۆڵەتی هاوردن لەسەر کلێشەی کۆمپانیا پێشکەش بە وەزارەتی تەندروستی/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی بکات، بۆ کارگەکانی ناوەخۆی هەرێمی کوردستان و عیراق بەهەمان شێوە، دەبێت زانیاریەکان بەم شێوە بێت کە لە خشتەی خوارەوو ئاماژە کراوە..

| ناوی کۆمپانیای هاوردەکار | ژمارەی فۆرمی تۆمارکردن | ناوی کۆمپانیای بەرهەم هێن | ناوی بەرهەم | وڵاتی سەرچاوە | ژمارەی باچ ئەمبەر | قەبارەی بەرهەم (لیتر) | بەرواری بەرهەم هێنان | بەرواری بەسەرچوون | ژمارەی قوتوو/شووشە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | | | |

**<u>ماددەی نۆیەم</u>-** پێویستە زانیاری سەر بەرهەمەکە...

- بەپێ بریاری دەستەی ڕاوێژکاری سەلامەتی خۆراکی عیراقی ژمارە (١٥٨) لە ٢٠٠٨/٢/٣ خانی (٥) برگەی دووەم بێت کە زمانی عەرەبی یان ئینگلیزی دیاری کردووە.
- ماوەی بەسەرچوونی خواردنەوەی ووزە(مشروبات طاقە) بەپێ تایبەتمەندی عیراقی ژمارە (٢٠١٢/١٨٤٧) نوێکراوەی دووەم برگەی (٤-١١) بێت واتا تایبەتمەندی وڵاتی سەرچاوە کە لە ئێستادا تایبەتمەندی عیراقیمان نیە بۆ ئەم بەرهەمە.وە دەبێت ماوەی بەرهەم هێنان و بەسەرچوون لەسەری بنووسرێت. وە بۆ بەرهەمی کارگەکانی ناوەخۆش بە هەمان شێوەی سەرەوە دەبێت.
- هەر گۆرانکاریەک لە تایبەتمەندی عیراقی کرا تایبەت بەم دوو برگەی سەرەوە دەبێت کۆمپانیا/ بازرگان پابەند بێت.

**<u>ماددەی دەیەم</u> -** دەبێت لەسەر بەرهەمەکە ئەم ئاگاداریانەی خوارەوە بنووسرێت وە بە ئاسانی بخوێندرێتەوە.

١. نابێ کەسانی خوار تەمەنی ١٦ساڵ بیخۆنەوە.
٢. نابێ ژنی سک پڕ و شیردەر بیخواتەوە.
٣. نابێ ئەو کەسانەی کەهەستیاریان (حساسیەیان)هەیە بە کافاین بیخۆنەوە.
٤. نابێ ئەوانەی کە نەخۆشی دڵ و پەستانی خوێن و شەکرەیان هەیە بیخۆنەوە.
٥. نابێ بەکار بهێنرێت لەکاتی وەرزش یان ڕاستەوخۆ دوای وەرزش کردن.
٦. نابێ ڕۆژانە لە٥٠٠ ملیلیتر زیاتر بخورێتەوە.
٧. نابێ لەگەڵ ئەلکهول بخورێتەوە.

**<u>ماددەی پانزەهەم</u> -** بازرگان/ کۆمپانیا پێویستە بریکارەکانی خۆی ئاگادار بکاتەوە کە بەرهەمەکەی لە شوێنێکی (رەفە) بەرز دابنرێت کە منداڵ دەستی نەگاتێ وە لەگەڵ هیچ جۆرە خواردن و خواردنەوەیەک تێکەڵ نەکرێ و نابێت بەکەسانی خوار تەمەنی ١٦ساڵ بفرۆشرێت.

**<u>ماددەی دوانزەهەم</u> -** هەر بازرگانێک/ کۆمپانیایەک بیەوێت ریکلام بۆ بەرهەمەکەی بکات پێویستە....

١. نابێت ریکلام بکات تاوەکو لە لایەن وەزارتی تەندروستی/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی ڕێگەی پێ نەدرێت.
٢. ریکلامی بەرهەمەکەی پێشکەش بە وەزارەتی تەندروستی/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی بکات بە مەبەستی دڵنیابوون لە دروستی ریکلامەکەی لە ڕووی تەندروستیەوە.
٣. دەبێت لە ریکلامەکە ئاماژە بەو ئاگاداریانە بکات کە لە ماددەی پانزەهەم ئاماژەمان پێ کرووە
٤. نابێت لە ریکلامەکە وا پیشان بدرێت کە خواردنەوەی ووزە بەخش دەبێتە هۆی تەندروستیەکی باش بۆ جەستەی مرۆڤ.

## ((پێشمەرگە سومبولی نەتەوەیی و پارێزەری کوردستان))

**ماددەی سێزدەهەم -** بازرگان/ کۆمپانیا دەبێت زانیاری ئەو بریکارانەی بەرهەمەکانیان پێ دەفرۆشێت لە شارەکانی کوردستان پێشکەش بە وەزارەتی تەندروستی/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی بکات.

**ماددەی چواردەهەم -** بازرگان/ کۆمپانیا لە کاتی زیادکردن یان گۆڕینی بریکارەکەی بۆ فرۆشتنی بەرهەمەکەی دەبێت وەزارەتی تەندروستی/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی ئاگادار بکرێتەوە.

**ماددەی پانزەهەم -** بازرگان/ کۆمپانیا دەبێت مۆڵەتی تەندروستی کۆگایان هەبێت لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیەکانی گشتی تەندروستی/ بەڕێوەبەرایەتی پاراستنی تەندروستی ئەو شارەی کۆگاکەی لێیە.

**ماددەی شانزەهەم -** بازرگان/ کۆمپانیا دەبێت هەموو ئەو بریکارانەی بەرهەمەکانیان پێ دەفرۆشێت مۆڵەتی تەندروستی کۆگایان هەبێت لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیەکانی گشتی تەندروستی/ بەڕێوەبەرایەتی پاراستنی تەندروستی ئەو شارەی کۆگاکەی لێیە.

**ماددەی حەڤدەهەم -** بازرگان/ کۆمپانیا دەبێت لە (٦/١ تاوەکو ١٠/٣٠) بەرهەمەکەی بە ئۆتۆمبێلی ساردکەرەوە لە ناوەخۆ و دەرەوە بگوازێتەوە، وە هەرکاتێک کەش و هەوا لە ناوەخۆی هەرێمی کوردستان زووتر گۆڕانکاری بەسەر هات بۆ وەرزی گەرما ئەوا کار بەم ڕێکەوتەی سەرەوەمان ناکرێت بەڵکو بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی تەندروستی لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دەتوانن ڕێنمایی تایبەت بەم بابەتە دەربکەن.

**ماددەی هەژدەهەم -** بازرگان/ کۆمپانیا بەڵێنامەی لێ وەردەگیرێت کە لە کاتی هاوردەکردنی بەرهەمەکەی بۆ هەر باج ئەمبەرێک ئەو بەڵگەنامانەی ئاماژەمان پێ کردووە بە شێوەی (Original)بهێنێت دوای (٢٠) ڕۆژ وە کار بە کۆپی بەڵگەنامەکان دەکرێت لە سەرەتادا بۆ ڕای کردنی مامەڵەکەی. وە پێویستە بە پێ بەڵگەنامەکان کە دیاری کراوە پشتراست کرابێتەوەلە لایەن....

١. ژووری بازرگانی و پیشەسازی وڵاتی بەرهەم هێن.
٢. وەزارەتی دەرەوەی وڵاتی بەرهەم هێن.

**ماددەی نۆزدەهەم -** بازرگان/ کۆمپانیا لەکاتی هاوردنی خواردنەوەی ووزە بەخش دەبێ ئەم بەڵگەنامانەی خوارەوەبە زمانەکانی (عەرەبی یان ئینگلیزی) بهێنێت وە دەبێت ژمارەی باج ئەمبەر یان ژمارەی (invoice) لەسەر هەموو بەڵگەنامەکان (بروانامانە)هەبێت.

١. (Packing List)بۆ ئەو بەرهەمەی دەیەوێت هاوردە بکات.
٢. (Commercial invoice) بۆ ئەو بەرهەمەی دەیەوێت هاوردە بکات وە پشتراست بکرێتەوە بە پێ ماددەی هەژدەهەم خاڵی (١).
٣. بەڵگەنامەی تەندروستی(الشهادە الصحیە (Certificate of Health)ی وڵاتی بەرهەمهێن وە پشتراست بکرێتەوە بە پێ ماددەی هەژدەهەم خاڵی (٢).
٤. بەڵگەنامەی سەرچاوە(الشهادە المنشا(Certificate of Origin) وە پشتراست بکرێتەوە بە پێ ماددەی هەژدەهەم خاڵی (١،٢).
٥. ڕاپۆرتی پشکنینی کۆمپانیایی بەرهەم هێن (Certificate of analysis) ئەم بەڵگەنامەیە تایبەتمەندی بەرهەمەکەی تێدا بێت لە رووی شیکردنەوەی مایکرۆبایلۆجی و کیمیاوی هەر وەک لە تایبەتمەندی عیراقی تایبەت بە خواردنەوەی ووزە هەیە( IQS 2307/2013). وە دەبێت ختمی تاقیگەی کارگەکە لە سەر بێت.
٦. هەبوونی یەکێک لە بەڵگەنامەی جەودەی(Quality ) جیهانی (GMP، ISO 2200-2005 FOOD SAFETY،HACCP) وە بەسەر نەچوو بێت واتە دەبێت کۆمپانیای بەرهەمهێن یەکێک لەم بەڵگەنامانە بەدەست بهێنێت لەلایەن کۆمپانیا جیهانیە ڕێپێدراوەکان بۆ پێدانی ئەم بەڵگەنامانە. وە دەبێت پشتراستکرابێتەوە بە پێ ماددەی هەژدەهەم خاڵی (٢) تەنها بۆ یەک جار بە شێوەی ساڵانە یان تاوەکو ڕێکەوتی بەسەرچوونی بروانامەکە.

((پێشمەرگە سومبولی نەتەوەیی و پارێزەری کوردستان))

٧. بەڵگەنامەی فرۆشتنی ئازاد (FREE SALE) بسەلمێنێ کە هاوڵاتی وولاتی بەرهەم هێن ئەم بەرهەمە بەکاربهێنێت وە لە حاڵەتێک ئەگەر لە وولاتی خۆی نەفرۆشیت پێویستە ئەم کۆمپانیایە بەرهەمەکەی بە لایەنی کەم بفرۆشێت بە دوو وولاتی تر وە پشتراستکرابێتەوە بە پێ ماددەی هەژدەهەم خاڵی(٢)تەنها بۆ یەک جار.

**ماددەی بیست–** بازرگان/ کۆمپانیا ئەگەر توانی هەموو ئەو بەڵگەنامانەی لە ماددەی نۆزدەهەم ئاماژە کراوە لە ڕێگەی ئەو دامودەزگا حکومیەی کە بەرپرسیاریەتی پیشەسازی وبازرگانی لە ئەستۆدایە بۆمان بە ئیمەیل ڕەوانە بکات، لەم حاڵەتە لە جێبەجێ کردنی ماددەی هەژدەهەم دەبەخشرێت، بە پێچەوانەوە دەبێت پابەند بێت.

**ماددەی بیست و یەک-** ئەو بازرگان/ کۆمپانیایانەی دەیانەوێت بەرهەمی (خواردنەوەی ووزە بەخش) لەناو هەرێمی کوردستان و عیراقدا بەرهەم بهێنن ئەوا پێویستە......

١. کۆمپانیادەبێت ئامادەبێت هەمان رۆتینی تۆمارکردن جێبەجێ بکات.
٢. کۆمپانیا دەبێت ناوی بەرهەمەکەی تۆمار بکات لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هەرێمی کوردستان یان عیراق.
٣. کۆمپانیا دەبێت مۆڵەتی تەندروستی کارگەی هەبێت.
٤. پێویستە کۆمپانیا ئەو ماددە سەرەتاییەی هاوردەی دەکات مۆڵەتی لایەنی پەیوەندیدار بهێنێت. وە وەزارەتی تەندروستی ئاگادار بکاتەوە بەر لە هاوردەکردنی ماددە سەرەتایی.
٥. پێویستە کارگە تاقیگەی هەبێت وە پێش فرۆشتنی بەرهەمەکەی پشکنینی تەواو بکات لە رووی( کیمیاوی، مایکرۆبایۆلۆجی).
٦. وەزارەتی تەندروستی/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی هەر کاتێک بە پێویستی زانی نموونەی بەرهەمەکە لە تاقیگەی ناوەندی خۆراک پشکنین ئەنجام دەدات لە رووی (کیمیاوی، مایکرۆبایۆلۆجی) وە تێچووی پشکنینەکە لە ئەستۆی کۆمپانیا دەبێت.
٧. پابەندبوونی کارگە بە دابین کردنی ئامێری پێوانەیی وورد لەسەر هێلی لە قوتووکردن بۆ کۆنترۆلکردنی پێوانە و رێژەی ماددە تواوەکان لە گیراوەی خواردنەوەی ووزە وە هەروەها رێژەی گازی تواوە ، لەکاتی دروستکردنی بەرهەم کە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی و بەردەوام بۆ دڵنیابوون لە دەستکەوتنی پەیتیەکی دروست لە ماددە کاریگەرەکان لە خواردنەوەی ووزە کە گونجاو بێت لەگەڵ ئەو رێژەیەی کە بۆی دیاری کراوە. بۆئەمەش کارگە (کۆمپانیا) پابەند دەکرێت بە ئەنجامدانی پشکنین بۆ بەرهەمی کۆتایی وە پشتراستی بکاتەوە کە بەرهەمەکە هاوتایە لەگەل ئەو مەرج و پێوانانەی بۆی دیاری کراوە بەگوێرەی تایبەتمەندی پێوانەیی وولاتی هاوردەکار.
٨. پێویستە ساڵانە نووسراوی لاری نەبوون بۆ فرۆشتنی بەرهەمەکەی نوێ بکاتەوە.
٩. لەکاتی زیادکردنی هەر بەرهەمێکی تری خواردنەوەی ووزە بەخش دەبێت بەرهەمەکەی لە وەزارەتی تەندروستی/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی تۆمار بکات بەر لە بەرهەم هێنان.

**ماددەی بیست و دوو –** وەزارەتی تەندروستی/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی هەر کاتێک بە پێویستی زانی نموونەی بەرهەمی هاوردەکراو یان ناوخۆی کوردستان و عیراق ببات بۆ پشکنین لە یەکێک لە تاقیگەکانی دەرەوە لە رووی (کیمیاوی، مایکرۆبایۆلۆجی) وە تێچووی پشکنینەکە لە ئەستۆی کۆمپانیا دەبێت.

ژمارە: No:

ڕێکەوت: / ۲۷۱۸/کوردی Date / / 2019

**((پێشمەرگە سومبولی نەتەوەیی و پارێزەری کوردستان))**

<u>ماددەی بیست و سێ</u> - بازرگان/ کۆمپانیا ئەگەر بەرهەمەکەی خواردنەوەی ووزە بەخش لە خوارووی عیراق بهێنێت لە ڕێگەی ووشکانی و ئاسمانی بۆ هەرێمی کوردستان پێویستە پابەند بێت بە هەموو ئەو ماددانەی ئاماژەمان پێ کردووە.

<u>ماددەی بیست و چوار</u> – کۆمپانیا/ بازرگان دوای جێ بەجێ کردنی ماددەی (حەوتەم) ئەو شاندەی دەچێت بۆ سەردانی کردنی کارگەی بەرهەم هێن لە ڕاپۆرتی ئەنجامی سەردانی کردنەکەیان ئەگەر بەرهەمی کارگەیان بە باشیان زانی هاوردە بکرێت ئەوا کارگەی بەرهەم هێن دەتوانێت هەموو دۆکیومێنتەکان لە ڕێگای ئیمەیلیان بنێرێت بۆ ئیمەیلی (wt.b.chawderykhorak@gmail.com) وە دەبەخشرێت لە ماددەی (هەژدەهەم) بۆ پەسەندکردنی بەڵگەنامەکان.

<u>ماددەی بیست و پێنج</u> – کۆمپانیا/ بازرگان نابێت قەبارەی (قووتوو، بتڵی شوشە) لە (۲۵۰مل) دوو سەدو پەنجا میلیلتر کەمتر بێت. وە بۆ بەرهەمی کارگەکانی ناوخۆی کوردستان و عیراق بە هەمان شێوە.

<u>ماددەی بیست و شەش</u> – پێویستە هەموو خواردنەوەیەکی ووزە بەخش کە لە دەرەوە هاوردە دەکرێت لە لایەن وەزارەتی تەندروستی/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی/ بەشی تاقیگەی ناوەندی خۆراک پشکنینی بۆ بکرێت بە پێ ی تایبەتمەندی پێوانەیی عیراق لە رووی پشکنینی فیزیاوی، کیمیاوی، مایکرۆبایۆلۆجی وە تێچووی پشکنینەکە لە ئەستۆی کۆمپانیا دەبێت.

<u>ماددەی بیست و حەوت</u> - سەرپێچیکار بە پێبژاردن (غرامە) سزا دەدرێت بە پێی یاسای تەندروستی گشتی ژمارە (۸۹) ساڵی (۱۹۸۱) کە لە (۵۰۰۰۰) پەنجا هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (۵۰۰۰۰۰) پێنج سەد هەزار دینار زیاتر نابێت.

**د. ڕێکەوت حمه رشید کریم**
**وەزیری تەندروستی**
۲۰۱۹/٤/١

<u>وێنەیەک بۆ:</u>

- وەزارەتی ناوخۆ/ نوسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیر/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا.
- وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی هەرێم/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگی هەرێم/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا.
- نوسینگەی بەڕێز وەزیر/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی / بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی پاراستنی تەندروستی و خۆراک/ بەشی چاودێری خۆراک. بۆ بەدواداچوون ئەنجامدانی کاری پێویست.
- دۆسیەی گشتی.
- خولاو

B4/2